# نامەیەکی مەلا یەحیای مزووری بۆ شێخ مارفی نۆدێیی

**سەربەست قادر حەمە**
**(دەربەندیخان)**

ڕۆژگاری ڕابوردوو، ئەو کاتەی زانست بەو ڕادەیەی ئەمڕۆ پێشکەوتوو نەبوو، نامە و نامەکاری، لە نێوان سەرکردە، کەسایەتی، زانا، شاعیر و دڵدارەکاندا ڕۆڵێکی باڵا و کاریگەری هەبوو.

ئێستا هەر یەکە لەم نامانە، بەشێکن لە پاشخان و ژێرخانی ڕۆشنبیری و میراتی بەجێماوی ناودارانی ئێمە، بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان.

ئەم نامانە، کە محەمەد عەلی قەرەداغی کۆی کردوونەتەوە و خستوونیەتە سەر ڕێنووسی ئێستا و کاری ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی بۆ کردوون، حەوت نامەی نێردراوی زانای پایەبەرز، (مەلا یەحیای مزووری)یە بۆ خزمەتی زانا و ناوداری کورد، شێخ مارفی نۆدێیی، سەبارەت بەو کێشەیەی کە کەوتبووە نێوان شێخ مارفی نۆدێیی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

جێگەی داخە، دوای بەدواداچوون و گەڕانێکی زۆر، تەنانەت پرسیارم لە خودی شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی کرد، تا ئێستا وەڵامی ئەم حەوت نامەیە لەلایەن (شێخ مارفی نۆدێی) ییەوە بۆ مەلا یەحیای مزووری، دیار نین و دەست نەخراون.

بەندە وەک خەمێک بۆ گەڕاندنەوەی ئەم نامانە بۆ سەر زمانی کوردی، بەو پێیەی نامەکان لە نێوان دوو زانای کوردن و سەبارەت بە کەسایەتییەکی وەک مەولانا خالیدی کوردی ئاڵوگۆڕکراون، بە پێویستم زانی، دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە کۆکەرەوەی نامەکان، هەروەها پێداچوونەوەی وەرگێڕانەکەی منیش لەلایەن ئەوەوە، ناو بە ناو وەرگێڕدراوی نامەکان لەم گۆڤارەدا بڵاوبکەمەوە.

بە هیوام بەم کارەم، ئەگەر وشەیەکیش بێت خستبێتمە سەر خەرمانی زانست و ڕۆشنبیری و مێژووی نەتەوەکەم، چونکە ئەم جۆرە کارانە، بەهایەکی مێژوویی تایبەتیان هەیە.

**دەقی نامەکە:**

بزانە ئەی برای سەرکەوتووم، هەر وەک چۆن پابەندبوون بە باوەڕ و ڕاپەڕاندنی کردارەکانی وەک نوێژ و ڕۆژوو، هەروەها دوورکەوتنەوە لە تاوانە گەورەکانی وەک خواردنی حەرام و کوشتن و... تاد پێویستە و ئەرکێکی تاکەکەسییە ((فەرزی عەین))ە (٢)، لەسەر

هەمـوو کەسـێکی پێگەیشـتوو و داوالێکـراو، نێـر، یـان مـێ بێـت، هەروەهـا زانینـی چۆنێتـی ئـەو شـتانەی بـاس کـراون و ماناکانیـان، ئەرکێکـی کەسـیی (فـەرزی عەین)ـە لەسـەر شـانی، بۆیـە پێویسـتە لەسـەر سەرپەرشـتیار و بەخێوکەرانـی منـداڵ، لـە بـاوک، باپیـر، دایـک، پێسـپێردراوەکان و دادوەرەکان فێـری ئـەو شـتانەیان بکـەن، کـە بـاس کـران و ناویـان هێنـرا و فەرمانیـان پـێ بکـەن بـە پابەندبـوون پێیانـەوە، تەنیـا ئەوەنـدە نـا، بەڵکوو پابەندبوون بـە سوننەتە بەناوبانـگ و بڵاوەکانیـش، وەک سیواککردن لـە تەمەنـی حەوت ساڵی، هەروەهـا لێدانیـان لەسـەر وازهێنـان لـەو کار و کردەوانـەی فێـری بوونـە و پابەندبـوون پێیانـەوە، لـە تەمەنـی دە ساڵییەوە، هـەروەک شـێخی ئیبـن حەجـەر (ڕ) (٣) لـە هەندێـک لـە کتێبەکانیـدا و پێشـەوا غەزالـی (٤)، بـە تایبەتـی لـە (الاحیـاء)دا (٥) باسـیان لێـوە کـردووە.

بـە هەمـان شـێوە لابـردن و لـە دڵ دەرکردنـی هەمـوو خراپـی و پیسـییە شـاراوەکان، پێویسـتە لەسـەر هەمـوو کەسـێکی بەرپرسـیار و داوالێکـراو، وەک ئیرەیـی، ناپاکـی، لووتبەرزی، خۆبەگەورەزانین و... هەمـوو ئـەو شـتانەی تـر کـە بـە دوایانـدا دێـن.

بە هەمان شێوە پێویستە لەسـەر ئەو کەسـەی کە بەخێوکـەر و سەرپەرشـتیاری منداڵـە، لـەوەی لە پێشـەوە باسـی فێرکردنیـان کـرا، لـە چۆنێتـی و ماناکانـی فێـری منداڵەکانیـان بکـەن و فەرمانیان پـێ بکـەن کـە خۆیـان بـە دژەکانیـان (ڕەوشـتە باشـەکان) برازێننـەوە و (ڕەوشـتە خراپـەکان) لـە خۆیـان دووربخەنـەوە.

شـێخی ئیبـن حەجـەر لـە کۆتایی (الفتـاوی الکبـری)دا (٦)، دەڵێـت: پێویسـتە لەسـەرمان فێری سنووری نەخۆشییەکانی دڵ؟ هۆکارەکانیان و چارەسـەرکردنیان ببیـن، وەک نەخۆشـییە شـاراوەکانی، ئیرەیـی، ڕووپامایـی، ناوبانـگ، ڕق و کینـە، بەڵـێ هـەر کەسـێک بـە سروشـتی، لـە خواییـەوە لـەم نەخۆشـییانە دووربـووە، یـان توانیویەتـی بەبـێ فێربـوون لـە خـۆی دووریـان بخاتـەوە، ئـەوە پێویسـتی بـە فێربوونـی ئـەو سـنوورانەی باسـکراون و ئەوانەشـی دوای ئـەوان دێن نییـە، چونکە بـۆی گرنـگ و پێویست نییـە.

هەروەهـا لـەو شتە خراپانەی باس کران، لەگەڵ ئەوانـی دیکـەی وەک: لووتبـەرزی، شـوێنکەوتنی ئارەزووەکانـی مـرۆڤ، خۆبەزلزانیـن، گومانـی خـراپ بـردن بە کەسـی بـاوەڕدار، پەسـەندنەکردنی ڕاسـتی و دڵنیایـی لـە مەکـری خـودای گـەورە لـە وەرگرتنـەوەی هەمـوو ئـەو شـتانەی پێـی بەخشـراوە، هەروەهـا شـاردنەوەی ئـەو زانسـتەی کە فێـری بـووە، ئەرکـی گەیاندنـی لەسـەر شـانە، بێجگـە لەوانـەش کـە غەزالـی (ڕ) لـە (الاحیـاء)دا باسـی کـردووە، پێکـەوە دەروازەیەکن بـۆ شـەیتان تـا لـە ڕێیانـەوە بچێتـە نـاو دڵـی مرۆڤـەوە و دەسـتی بەسـەردا بگرێـت.

غەزالـی (ڕ) لـە (الإحیـاء)دا دەڵێـت: هەتـا مرۆڤ لـە ژیانـدا بێـت و زینـدوو بێت، دەرگەکانی شـەیتان بـە ڕووی دڵیـدا واڵان و داناخرێـن، کـە بریتیـن لـە: ئـارەزوو، تووڕەیـی، ئیرەیـی، چاوچنۆکـی و ئەوانـی دی، وەک لەمـەولا ڕوون دەکرێتـەوە.

هەتـا دەرگای دڵ و دەروون کـراوە بێـت و دوژمـن (شـەیتان) بەئـاگا بێـت، تاکـە ڕێگـە پاسـەوانی و تێکۆشـانە (دژی نەفـس)، بـۆ بەرپەرچدانـەوە و دوورخسـتنەوەی، کەواتـە هیـچ ڕزگاربوونێـک بـۆ بـاوەڕدار لـە تێکۆشـانیدا نییـە و ئـەم تێکۆشـان و ململانێیـە بێجگـە لـە مـردن، هیـچ کۆتاییەکـی نییـە، واتـە هیـچ کەسـێک ناتوانێـت تـا ئـەو کاتەی لـە ژیاندایـە، لـە شـەیتان ڕزگاری ببێـت. بەڵـێ

ڕەنگە مرۆڤ بەهێز بێت، خۆی ملکەچی تەڵە و داوی شەیتان نەکات و لە خراپەکارییەکانی بپارێزێت، ئەویش لە ڕێگەی تێکۆشان و سەرقاڵکردنی دڵ بە تێڕامان و یادکردنەوەی خودای باڵادەست.

هەروەها شێخی ئیبن حەجەر لە کتێبی (الزواجر)دا (٧)، لە باسی تاوانە گەورەکاندا، وتەی هەندێک لە پێشەوایانی پاشینی هێناوەتەوە، کە تێکەڵکەر و کۆکەرەوەی نێوان فیقه و زانین، هەروەها زانست و کردارن و دەڵێت: سەبارەت بە تاوانە گەورەکانی ناخ (دڵ)، ئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی پێگەیشتوو بیانناسێت، بە مەبەستی چارەسەرکردن و نەهێشتنیان، چونکە هەر کەسێک نەخۆشییەک لەوانەی لە دڵدا هەبێت، بە دڵێکی ساغ و سەلامەتەوە ناگەڕێتەوە لای خودای باڵادەست.

هەروەها شێخی ئیبن حەجەر لەکتێبی (توحفە)دا (٨) لە باسی نوێژە سوننەتەکان، لە کۆتایی بابەتی نوێژدا دەڵێت: باشترین پەرستنەکانی لەش دوای دوو گەواهییەکە (شایەتومان)، نوێژە، فەرزەکەی باشترینی فەرزەکانە، سوننەتەکانیشی باشترینی سوننەتەکانن و داواکردنی زانست و لەبەرکردنی قورئان ئەم پلە و پێگەیە ناگۆڕێت، چونکە ئەمانە فەرزی کیفایەتن (٩).

لەسەر بیروڕای هەندێک لە زانایان دوای نوێژ، ڕۆژوو دێت، پاشان حەج و زەکات، هەروەها دەوترێت: باشترینیان زەکاتە و دەشوترێت: ڕۆژوو، وتراویشە: حەج، هەروەها بیروڕای تریش خراونەتەڕوو.

ناکۆکی و بیروڕا جیاییش لە زۆر ئەنجامدانی یەکێک لەوانەدا هەیە، واتە ئەنجامدانی بە شێوەیەکی باو، لەگەڵ بەسەرکردنەوەی گرنگترینی ئەوانی تردا، ئەگەر نا، ڕۆژووی یەک ڕۆژ باشترە لە دوو ڕکات نوێژ و لەسەر ئەم پێوەرە...

بەڵێ کارکردن لە دڵەوە و بە پەنهانی، چونکە خۆدەرخستن و ڕووپامایی تێدا نییە لەوانی تر باشترە.

سەبارەت بە وتەی: (کاری دڵ)ی شێخی ئیبن حەجەر، نوورەدین ئەلمیسری دەڵێت: وەک زانین، متمانە و پشت بە خودا بەستن، ئارامگرتن، قایلبوون، ترس، هیوا، خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەرەکەی (د.خ)، گەڕانەوە و خۆپاککردنەوە لە خراپەکارییەکانی دڵە، ئێمەش دەڵێین: کارکردنی دڵ بە پەنهانی لە کردەوە ڕواڵەتییەکان باشترە، چونکە کاریگەری و هێزێکی بەرچاوی لەسەر بەهێزکردن و زیادکردنی بیروباوەڕ و پتەو و تەواوکردنیدا هەیە، ئەنجامەکەشی باوەڕێکی ڕاستەقینە، سەلمێنراو و دوور لە گومانە، بەدەر لە بەڵگەویستی و چاولێکەریی ڕووت و بوون بە باوەڕێکی فەرمی و نەریتی.

شێخی ئیبن حەجەر لە کۆتایی (الفتاوی الکبری)دا دەڵێت: لە مافی ئەواندا بینین بۆ بەڵگە زیاددەبێت، بەڵام بێجگە لە کردەوەی دڵ- ئەگەرچی نوێژیش بێت- ئەوەندە کاریگەر و بەهێز نییە- تەنانەت ئەگەر کاریگەریشی هەبێت، ئەوە بە گوێرەی خۆیەتی و لەو کردەوانەی دڵ کە دەبێتە هۆی بەهێزبوون و زیادبوونی باوەڕ لەوەی باس کرا، بریتییە لە بیرکردنەوە، هەروەک پێشمان گەیشتووە: «کاتژمێرێک بیرکردنەوە و تێڕامان، باشترە لە پەرستنی ساڵێک».

کەواتە ڕەفتارکردن بە ڕێبازی ڕێبەرمان، شێخ خالید (قدس سره) (١٠) پێویستە و ئەرکێکی دیاریکراوی کەسییە (فەرزی عەینە) لەسەر هەموو کەسێک کە کارە پەنهان و شاراوەکانی دڵ و دەروونی لەسەر ئەم ڕێگەیە ڕۆناوە، چ

پیاو، یان ژن بێت، چونکە ئەوەی پاککرنەوەی دڵ و دەروونی بە کارێکەوە ببەستێتەوە، ئەوە ئەو کارە دەبێتە ئەرک و پێوستی لەسەری، هەروەک چۆن حەج، قورئان خوێندن، یان شەونوێژ، ڕەنگە ببێتە ئەرک و پێویستییەکی دیاریکراو (فەرزی عەین) لەسەر هەر کەسێک کە پاککردنەوەی دڵ و دەروونی بە هەر یەکێک لەو کردەوانەوە بەستووەتەوە.

ئەوجا براکەم، تۆ هاوڕێیەتی و هاوسایی شێخەکەمانت نەکردووە، ئەگینا لە نکوڵیکردنت پاشگەز دەبوویتەوە و خۆت دەخستەژێر سایەی ئامۆژگاری و چاکییەکانی.

من خۆم فریونادەم و شێخی ئیبن حەجەریش (ڕ) لە کۆتایی کتێبی (الفتاوی الکبری)دا لە ستایشی ڕێبازی ڕێبەرەکەمان شێخ خالیددا (قدس سره) دەڵێت: ڕێبازی بەرز، ڕاست، دروست، پارێزراو لە لێڵی و نەزانیی سۆفییەکان، ڕێبازی نەقشبەندییە و پێشتریش وەڵامی هەموو ئەو گومان و ناڕەزاییتییانەمان بۆ نووسیت کە بە قسەی ئیرەییبەر و گەمژەکان بەرانبەر بە ڕێبەرەکەمان بۆ خۆتت دروستکردبوو. (وإن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نادِمِينَ).

**پەراوێزەکان:**

١- بە پێی ئەو ڕێککەوتەی لە کۆتایی دەستنووسی نامەکەدا هاتووە، ئەم نامەیە لە ساڵی ١٢٨٨ک لەلایەن (مەلا یەحیای مزووری) یەوە بۆ شێخ مارفی نۆدێیی نێرراوە.

- مەلا یەحیای مزووری: مەلا یەحیا کوڕی خالیدی کوڕی حەسەنی مزووری-یە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەی زایینی لە گوندی (باڵتە)ی ناوچەی مزووری لەدایک بووە، هەر بە گەنجی لەسەر دەستی مەولانا خالید ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە، بۆ خوێندنی مەلایەتی زۆر شوێن و ناوچە گەڕاوە، یەکێک بووە لە کەڵە زاناکانی سەردەمی خۆی و ڕۆڵێکی گەورەی لە خزمەتکردنی ئایین و کاری کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە، ئەم زانا هەڵکەوتووەی کورد لە ساڵی ١٨٣٦ز، کۆچی دوایی کردووە.

- شێخ مارفی نۆدێیی: سەید محەممەد ناسراو بە مارف کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئەحمەدە، سەید عیسای بەرزنجی کوڕی بابەعەلی هەمەدانی زانای ئایینی و خواناس، باپیرەی سێزدەمیەتی، باوکی کاک ئەحمەدی (ناسراو بە کاک ئەحمەدی سلێمانی) و باپیری شێخ سەعید و باپیرەگەورەی شێخ مەحموودی نەمرە.

لە ساڵی ١٧٥٣ز لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٣٨ز کۆچی دوایی کردووە، ئەم زانا بەڕێزە یەکێک لە شێخەکانی ڕێبازی قادری و خواناسێکی گەورە و ناسراوی سەردەمەکەی خۆی بووە، هەروەها خاوەنی ناملیکە بەناوبانگەکەی (لوغەتنامەی ئەحمەدی)یە کە بۆ فێرکردنی کاک ئەحمەدی شێخی داناوە.

٢- فەرزی عەین: زاراوەیەکی ئیسلامییە، ئەو کارەیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک بیکات، وەک پێنج نوێژەکە و... تاد.

٣- ئیبن حەجەری هەیتەمی: ناوی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی حەجەری هەیتەمییە، لە ساڵی ٩٠٩ک لەدایک بووە و لە ساڵی ٩٧٤ک کۆچی دوایی کردووە.

یەکێکە لە زانا ناودار و پڕ بەرهەمەکانی جیهانی ئیسلامی و دانراوەکانی تا ئێستاش پێگە و برەوێکی زۆریان لە قوتابخانە ئایینییەکاندا هەیە، لە گرنگترین دانراوەکانی: الفتاوی الکبری،

التحفة... تاد.

٤- پێشەوا غەزالی: محەممەد کوڕی محەممەد کوڕی محەممەد کوڕی ئەحمەدی غەزالییە، لە ساڵی ٤٥٠ یان ٤٥١ک لەدایکبووە، یەکێکە لە دیارترین بیرمەند، خواناس و زانایانی ئیسلام، فەلسەفە و سۆفیگەری سەدەی پێنجەمی کۆچی، لە ساڵی ٥٠٥ک کۆچی دوایی کردووە، لە گرنگترین دانراوەکانی: احیاء علوم الدین،... تاد.

٥- ئەلئەحیاء: یەکێکە لە گرنگترین دانراوەکانی پێشەوا غەزالی، کە کۆمەڵێک برگە و بابەتی لە بوارەکانی، ئایین، تەسەوف، پاڵفتەکردنی دەروون و... تاد، لەخۆگرتووە.

٦ - ئەلفەتاوا ئەلکوبرا: لە بەناوبانگترین دانراوەکانی ئیبن حەجەری هەیتەمییە، کتێبێکە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا نووسراوە و لە بوارە جیاجیاکانی ئاییندا ناوبانگ و گرنگییەکی زۆری هەیە.

٧- ئەلزەواجر: یەکێکە لە دانراوەکانی ئیبن حەجەری هەیتەمی، تایبەت بە پاڵفتەکردنی دەروون و ئامۆژگاری کە تێیدا باس لە گوناهە گەورەکان، بەڵێن و سزاکانیان دەکات.

٨- توحفە: لە دانراوە دیار و بەناوبانگەکانی ئیبن حەجەری هەیتەمییە، ڕاڤە و شیکردنەوەی کتێبی (منهاج الطالبین)ی پێشەوا نەوەوییە و لەسەر پەیڕەوی پێشەوا شافیعی بە یەکێک لە کتێبە فیقهییە بنەڕەتییەکان دادەنرێت.

٩- فەرزی کیفایەت: زاراوەیەکی ئیسلامییە، بە کارێک دەگوترێت ئەگەر هەندێک موسڵمان کردیان، لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، وەک نوێژی مردوو، بەڵام ئەگەر هیچ موسڵمانێک نەیکرد، ئەوە موسڵمانان هەموویان لەسەری گوناهبار دەبن.

١٠ - مەولانا خالیدی نەقشبەندی: مەولانا خالید کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی حوسەینە و لە تیرەی جافی میکایلییە، لە ساڵی ١١٩٣ک لە شارۆچکەی قەرەداغ لەدایک بووە، زانایەکی بەناوبانگ و یەکێک لە سۆفی و خواناسەکانی کوردە لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی، لە ساڵی ١٢٤٢ک بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی تاعوونەوە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کێوی قاسیون لە دیمەشق بە خاک سپێرراوە.

**لە کتێبی (الرسائل المغنیة لکل محتاج) وەرگیراوە/ کۆکردنەوەی شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی.**